# هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکان ڕێکەوتننامەی (سایکس – پیکۆ) وەك نمونەیەك توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەزانکۆی سلیمانیدا ئەنجامدراوە


د. کوردستان عومەر محەمەد

بەشی کاری کۆمەڵایەتی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان


**پێشەکی:**

ژیانی گەنجان هەمیشە پەیوەستبووە بەمێژوویەکەوەو، لەنێو ئەو مێژووەدا چەندین ڕووداو، کارەسات، ڕێککەوتن و ڕێکنەکەوتن، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی شوێنی بووەتەوە، بەبێ ئەوەی خودی خۆیان هیچ ڕۆڵێکیان تێیدا بینیبێت، لەکاتێکدا هەندێك لەو بارودۆخانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئایندەی تاك بەتاکی ئەو کۆمەڵگەیە هەبووە. بۆیە بەردەوام بەپێویست زانراوە کەمرۆ هۆشیاری و ئاشنایەتی هەبێت، سەبارەت بەو ڕووداو بارودۆخە مێژوویانەی کەکۆمەڵگەکەی پێدا تێپەڕبووە، بەتایبەتیش چینی گەنجان، لەو ڕووداوانەدا کەبە ئەرێنی یان نەرێنی بێت سێبەری خۆی بەسەر تەواوی کایەکانی ژیانیدا جێهێشتووە، لەپێناو ئەوەی هەرنەبێت دوو ئامانجی سەرەکی بۆ کۆمەڵگەکەیان بەدەست بهێنن، کەبەرفراوانکردنی ئەزموونەکانە تاوەکو لەئایندەدا بۆ هەر هەڵوێستێکی نوێ ڕێبەرو ڕێنوێنی ژیرانەیان لەبەردەمدابێت. هەروەها بۆ مەبەستی دروستکردنی گۆڕانکاری و بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی ژیان، تاوەکو بتوانن لەگەڵ دوونیای پێشکەوتوودا بگونجێن. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەرلەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدات تیشك بخاتەسەر، هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بەڕووداوە مێژوویەکان. یەکێکیش لەو ڕووداوانەی کەبەبەردەوامی و تاوەکو ئەمڕۆش کاریگەربووە بۆ پرسی کورد، ڕێکەوتن نامەی(سایکس– پیکۆ)یە هەروەها خوێندکارانی زانکۆش مانای گەنجانی ئەم کۆمەڵگەیە، کە سەرچاوەی هێزو توانان و، لەتەواوی کۆمەڵگەکاندا بەرابەری پێشکەوتن و گەشەپێدان و هەڵگری مەشخەڵی سەرکەتن وێنە دەکرێن. بۆیە بەنمونە بۆ توێژینەوەکە وەریاندەگرین.

هەوڵدەدەین توێژینەوەکە لەدوو باسدا کۆبکەینەوە. باسی یەکەم، لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە کە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بریتییە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، کە کێشەو گرنگی و ئامانج و دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت. بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیەو لەدوو

تــەوەر پێکــدێت، تــەوەرەی یەکــەم، باســکردنی ڕێکەوتننامــەی (ســایکس- پیکــۆ)و ئامانجــەکانی ئــەم ڕێکەوتنامەیەیە. تەوەرەی دووەم تیشك خستنەسەر هۆشیاریو گرنگی ئەم چەمکەیە بەجۆرو ڕەهەندەکانییەوە.

باسی دووەمی توێژینەوەکە لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە پێکدێتو ئەویش کراوە بەدووبەش، لەبەشی سێیەمدا، باس لەچوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوەکە دەکرێتو میتۆدی کێومالّی کۆمەلآیەتی بەکارهاتووە، بەئامانجی خوێندنەوەی واقعی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە گەنجانی کۆمەڵگەی کوردین. سەرەڕای تیشك خستنەسەر کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکەو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و هەریەك لە ڕاستگۆیی و جێگیری فۆڕمی توێژینەوەکەو ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان. هەروەها بەشەکەی تر کە بەشی چوارەمە، خستنەڕوو گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان توێژینەوەکەیە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین زۆرڕێك لەو پرسیارانە وەلآم بدەینەوە کە لەچوارچێوەی هۆشیاری گەنجانی کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بە بابەتە مێژووییەکان خۆیان مەلآسداوەو داوای وەلآمی زانستی دەکەن بەداتاو ژمارە. هەروەها تەواوی ئامانجەکانی توێژینەوەکە وەلآمی خۆیان وەردەگرن و شیکاری ئاماری ووردیان بۆ دەکرێت و پاشان دەکرێنەوە بەگفتوگۆی زانستی دوور لەهەناسەی لایەنگیری. لەکۆتایشدا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەك، سەرچاوە زانستیەکان، پاشکۆکان و هەریەك لەکورتەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخرێنەڕوو.

**باسی یەکەم- لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:**

**بەشی یەکەم- پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەریەك لە کێشەو گرنگی وئامانجەکان و دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بخەینەڕوو:

**یەکەم- کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی هەر توێژینەوەیەك لەهەنگاوە سەرەتاییەکانیدا لەبابەتێکەوە دەستپێدەکات کە وەك ئاگادارکەرەوەیەك لەبیری توێژەردا چەکەرەی کردووەو داوای وەلآمی لێدەکات. خودی ئەو بابەتە هەڵقولآوی کۆمەڵگەکەیەتیو ڕۆژانەو بەبەردەوامی هەستی پێدەکات و لەگەڵیدا دەژی، هەر بۆیە گەڕان بەدوای وەلآمی گونجاو بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت. لێرەدا کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە گەڕان بەدوای وەلآمێکی زانستی دروست بۆ (هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ سەبارە بە ڕووداوە مێژووییەکان)دا دەبینێتەوە، چونکە بوونی هۆشیاری بەتایبەت لای توێژی گەنجانی ئەم کۆمەڵگەیە سەبارەت بە بابەتە مێژوویەکان ڕۆڵو گرنگی خۆی دەبینێت، لەپێناو بەهێزکردنی توانای بڕیاردان لەسەر ئایندەو پێگەی کۆمەڵگە لەئاستی ناوخۆیی و نێو دەوڵەتی.

**دووەم- گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە وەك هەموو توێژینەوەیەکی زانستی کۆمەڵێك گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە کەلێرەدا بەخاڵ هەندێك لەو گرنگیانە دەخەینەڕوو:

١. **گرنگی تیۆری: خۆی لەگەیاندنی کۆمەڵێك زانیاری ئەکادیمیدا دەبینێتەوە لەسەر بابەتەکە کە بەپشتبەستن بەسەرچاوەی زانستییەوە دەخرێنەڕوو.**

٢. **گرنگی مەیدانی: خوێندنەوەی واقعی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتەڕوو کەمەبەستمانە پێی ئاشنابین. واتە لێرەدا گرنگی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی چەندین خەسڵەتو زانیاری لەسەر توێژی گەنجانی ئەم کۆمەڵگەیە سەبارەت بە بابەتە مێژووییەکان کە لەناویاندا خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی وەك نمونەیەك بۆ توێژینەوەکە وەرگیراون.**

٣. **گرنگییەکی تری توێژینەوەکە، کەمی توێژینەوەی مەیدانی لەسەر شوێنو پێگەی ڕووداوو بابەتە مێژووییەکان، کە لەناو گەنجانی کۆمەڵگەی کوردیدا ئەنجامدرابێت بەپێی زانیارییەکانی توێژەر.**

**سێیەم- ئامانجەکانی توێژینەوەکە: لەتوێژینەوەکەدا توێژەر مەبەستییەتی بەدواداچوونو لێکدانەوەی زانستی بۆ هەریەك لەم ڕستانەی خوارەوە بەدەست بهێنێت:**

١. **خستنەڕووی ئاستی زانیاری خوێندکارانی زانکۆ لەسەر ڕووداوە مێژوویەکان.**

٢. **خستنەڕووی ئاستی ئاشنایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەڕووداوێکی مێژووی وەك ڕێکەوتننامەی (سایکس – پیکۆ).**

٣. **دەرخستنی توانای پێشبینیکردنی خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن و دواتر دەبنە ڕووداوی مێژووی.**

٤. **خستنەڕووی ئینتمای خوێندکارانی زانکۆ بۆ نەتەوەکەیان .**

٥. **دەرخستنی هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی (سایکس- پیکۆ) بەپێی گۆڕاوی:**

أ. **ڕەگەز(نێر ـ مێ)**

ب. **پسپۆڕی(زانستییەکان ـ مرۆڤایەتییەکان)**

ت. **باکگراوندی خێزانی(شار ـ لادێ )**

**چوارەم- دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

١. **هۆشیاری (Consciousness): پێچەوانەی دۆخی نوستوو یان بێئاگایبە. هۆشیاری، مرۆڤ لەتەواوی گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە کە بەئاگایە لەوەی ئەنجامی دەدات، هەر ئەمەشە سیفەتی هۆشیاریبوون بەخودی مرۆڤ دەگەیەنێت. بەواتای، ئەو هۆشیارییەیە کە مرۆڤ هەیەتی بەرانبەر بەوکردارە ئەقڵیانەی کەتوشی دەبێت[1] . لێرەوە دەکرێت بوترێت سیمای دیاری هۆشیاری، ناسینو زانینە، ئاگاو هەستکردنە، پێزانینو تێگەیشتنە، لێکدانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو سروشتە لە مێشکی مرۆڤدا لەڕێی هەستەکانیەوە[2]**

---

١الحنفي، عبدالمنعم: موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، مطبعة الاطلس، القاهرة، ط٤، ١٩٩٤.ص١٦٦.

٢سادق، فوئاد تاهیر: هۆشیاری کۆمەڵایەتی، چاپخانەی تیشك، چاپی ١، سلیمانی، ٢٠٠٨،ل١٢١.

٢.   خوێندكاری زانكۆ (Undergraduate Students): گەنجانی زانكۆ یەكێكن لەكەرتەكانی گەنجانو بەرفراوانترینیانن لەكۆمەڵگە پێشكەوتووەكاندا. ئەژمار دەكرێن بەوەی كە ڕێژەیەكی بەرز لەهێزی یەدەگ پێك دەهێنن، كە دەبێتە هۆی بەخشینی هێزو تواناو ووزەیەكی لاوانەی ئامادەكراو و شیاندن لەبوارە جیاجیاكاندا، بەتایبەتی بواری بوژاندنەوەو پەرەپێدان[1]. هەروەها دەتوانین بڵێین لەهەر كۆمەڵگەیەكدا دادەنرێن بەگروپێكی دیاری ناو ئەو كۆمەڵگەیە، لەڕووی توانای زانستی و هێزو پسپۆڕییەوە كە هۆكاری پێشكەوتنی كۆمەڵگەنو بەخشینی هیوای ئایندەن لەوڵاتداو، سیمای نوێكردنەوەی تەواوی سێكتەرەكانی ژیانو بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی ئابووریو كۆمەڵایەتیو پەروەردەیی لەئەستۆی ئەماندایە، سەرەڕای ئەوەی كە سەرچاوەی گەشەسەندنو بەرزكەرەوەی مەشخەڵی سەركەوتنن بۆ زانكۆ، لەڕێگەی ئەو توانا زانستیو ئەكادیمیانەی كە زانكۆ پێی بەخشیوون بەمەبەستی سەركردایەتیكردنی كۆمەڵگە لەئایندەدا[2].

٣.   ڕووداوی مێژووی (Historical Events): مێژوونوسی بەلجیكی (هنری بیران)پێی وایە كەڕووداوی مێژووی بریتیە لەودۆخەی كەئەنجام دێنێتە ئاراوە[3]. واتە هەر گۆڕانكارییەكە كە لەكاتێكی دیاریكراوداو بەهۆی بارودۆخێكەوە دروستبووەو بەپێی كات كاریگەری خۆی جێدەهێڵێت. هەروەها ناكرێت بڵێین ڕووداوێكی مێژووی بچووك یان ڕووداوێكی مێژووی گەورە مادام بووە بەڕووداو گۆڕانكاری لەدۆخەكەدا دروستكردووە و شوێنی گرنگیپێدانی نووسەرانبووە، كەواتە ئەبێتە ڕووداوی مێژوویی. بەلام ئەكرێت بڵێین چەند ڕووداوێك لەیەككاتدا گۆڕانێكی گەورە دروستدەكەن، بۆ ئەوەی بزانین ئەو ڕووداوە كاریگەرە، ئەبێت پێش دۆخەكەو دوای دۆخەكە بەراووردبكەین[4].

٤.   ڕێكەوتننامەی سایكس پیكۆ (Sykes-Picot Agreement): ئەو ڕێكەوتنامەیە بوو كەلە ئایاری ساڵی ١٩١٦ دا لەلایەن هەرسێ دەوڵەتی مەزنی بەریتانیا و فەڕەنساو ڕوسیاوە ئەنجامدرا، بەناوی جۆرج پیكۆی فەڕەنسیو مارك سایكسی بەریتانیەوە ناسراوەو نوێنەری ڕوسیاش لەو ڕێكەوتنامەیەدا ئامادەبوونی هەبووە. ئامانج لە ڕێكەوتنەكە بۆ دابەشكردنی ئەو ناوچانە بووە كە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكاندا بوو، پێش ئەوەی جەنگی جیهانی یەكەم كۆتایی بێت. كوردستانیش وەك بەشێك لە ناوچاكانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، پشكی گەورەی لەو دابەشبونە وەرگرتووە[5].

---

١ عەزیز، محمد و عمر ئیبراهیم: ڕاو بۆچوونی قوتابیانی زانكۆ بەرامبەر بەكۆچكردنی لاوان بۆ هەندەران، گۆڤاری زانكۆی سەلاحەدین، تایبەت بەكۆنگرەی زانستی لاوان، (٢٠٠٢)، ژمارەی تایبەت، ل٣٢٩.

٢سلطان، أبتسام محمود محمد: المساندة الاجتماعية وأحداث الحياة الضاغطة، دار صفاء، عمان، ط١، ٢٠٠٩،ل١٥.

٣العروي، عبدالله: المفهوم التاريخ الالفاظ والمذاهب، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، ط٤ ،٢٠٠٥، ل٧٤.

٤مؤنس، حسن: التاريخ و المؤرخون، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٨٤،ل ١١١.

٥محمد، كوردو رحمان: حقوق الشعب الكردي في ظل الدساتيروالقوانين العراقية، مطبعة ذير، سليمانية، ٢٠٠٤، ص٢٣.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

ئەم بەشە لەتوێژینەوەکە لەدوو تەوەرپێکدێت، تەوەری یەکەم باسکردنی لە ڕێکەوتننامەی(سایکس- پیکۆ)و ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە. تەوەری دووەم باسکردنی جۆرو ڕەهەندەکانی هۆشیارییە.

**تەوەری یەکەم- ڕێکەوتن نامەی سایکس - پێکۆ و ئامانجەکانی:**

ئەم ڕێکەوتننامەیە، ئەنجامی گفتوگۆیەکی نهێنی بوو لە نێوان بریتانیاو فەرەنسادا لە پایزی ساڵی ١٩١٥. کە هەریەك لە مارك سایکسی بریتانیو جۆرج پیکۆی فەرەنسی وەك دوو دیپلۆماتکار، بەنوێنەرایەتی دەوڵەتەکانیان بەرێوەیان برد بۆ دابەشکردنی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٦دا، هەردوو کەسایەتی چوونە پترۆگراد بۆ بەشدارییپێکردنی روسیای کەیسەری لەو پرۆژەیەدا. ئەوە بوو وەزیری دەرەوەی روسیا پرۆژەیەکی پێشکەش کردنو کۆی هەردوو پرۆژەکە رێکەوتنێکی لێکەوتەوە لە سێپتەمبەری ١٩١٦[١].

ئامانجی ئەم رێکەوتنامەیە بۆ دوورکەوتنەوە بوو لە ناکۆکی ئەو دوڵەتانە لەسەر میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای بردنەوەیان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا. یان بەواتایەکی تر ئامادەکردنی نەخشەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو. لەم ڕێکەوتننامەیەدا موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە دابەشکرابوون:

١. پشکی روسیا: ولایەتەکانی ئەرزەرۆم، تەرابزۆن، وان، بەتلیس، رۆژهەڵاتی ئاسیای بچوك.

٢. پشکی بریتانیا: باشووری میزۆپۆتامیا، (ولایەتەکانی بەغدادو بەسرە) مینای حەیفا، عەککا لەسەر دەریای ناوەراست. ئەم ناوچەیە بە زۆنی سوور ناوبرا.

٣. پشکی فەرەنسا: لوبنانو کەنارەکانی سوریا، ئەدەنە، کلیکا، ولایەتەکانی غازی عەنتابو ئۆرفەو دیاربەکرو ماردین. ئەم ناوچەیە بە زۆنی زەرد ناوبرا.

٤. ناوچەی (A): دەوڵەتێکی عەرەبی لەژێر پارێزگاری فەرەنسا دادەمەزرێت کە ولایەتەکانی دیمشقو شامو حەلەبو موسڵ دەگرێتەوە.

٥. ناوچەی (B) دەوڵەتێکی عەرەبی لەژێر پاریزگاری بریتانیا دەبێتو دەکەوێت نێوان فەلەستینو عێراق لەژێر ناوی رۆژهەڵاتی ئەردەن.

٦. ناوچەی کارگێری نێودەوڵەتی: کە ناوچەی فەلەستینە (بەشی باشوری سوریا کە بە ناوچەی ئەسمەر ناونراوە).

٧. مینای ئەسکەندەرۆنە مینایەکی ئازاد دەبێت[٢].

---

١ابوبکر، احمد عثمان: کوردستان لە پەیمانی سایکس-پیکۆو سازانۆۆ-پالیولۆگدا، گۆڤاری (رۆژی کوردستان-شمس کوردستان)، ژمارە ٨، ئایار ١٩٧٢، ل٥٠-٥١.

٢زیباري، عبدالرحمن سلیمان: الوضع القانوني لاقلیم کوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، موکریاني، اربیل، ٢٠٠٢، ص٣٧-٣٨.

باشووری کوردستان لەو ڕێکەوتنەدا دابەشکرابوو لە نێوان فەرەنسا و بریتانیا. شاری موسڵ و دەورووپشتی درا بە فەرنسا و کەرکوکیش بۆ بریتانیا. بە واتایەکی تر، باشووری کوردستان کرابوو بە بەشێك لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە بریتانیاو فەرەنسا سەرپەرشتی دەکردن. هەرچەندە لە میانی گفتوگۆکاندا ئاماژە بە جێکردنەوەی دەوڵەتی کوردی لە ڕێکەوتنەکەدا کراوە بەڵام دواتر پشتگوێ خراوەو باس نەکراوە. ڕێکەوتنەکە نەتەوەی کوردی بەپێی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیزم دابەش کرد، بوو بە ڕێگریەکی گەورە لەبەردەم هەر یەکبوونێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کورد لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییەوە. هەرچەندە بەندەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ نەکرا بەڵام بوو بە بنەمایەك بۆ ڕێکەوتننامەکانی دوای خۆی کە نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراستی لەسەر داڕێژرا[1] .

لە ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆدا ئامانجی بریتانیا ئەو بوو کە سنوورەکانی لەگەڵ روسیادا بەریەك نەکەون، هەر بۆیە رەزامەند بوو لەسەر پێدانی باشوری کوردستانی بە فەرەنسا و باکوری کوردستانیش بە روسیا. بەڵام ئێران چونکە دەوڵەتێکی دۆستبوو بۆ بریتانیاو بە فەرمی بەشداری جەنگی نەکردبوو، هەربۆیە خاکەکەی بە رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە دابەشنەکرا. لەدوای شۆرشی ئۆکتۆبەر لە روسیاو کشانەوەی لە ریکەوتنەکە، بریتانیا فەرەنسای رازیکرد تا باشووری کوردستان کە بە ولایەتی موسڵ ناسراو بوو بچێتەوە ژێر رکێفی بریتانیا[2]. ئەوەی جێی تێڕامان بووە لەنێو ڕێکەوتنامەکەدا سەبارەت بە کورد ئەوەیە کە لەڕێکەوتنامەکەدا باس لەوەدەکات کوردەکان هەستیان بۆ نەتەوە نییە. کارێکی نەکردەیە دەوڵەتی کوردستان دامەزرێت، پێیان وابووە کە هیچ هۆکارێك نییە ڕێگر بێت لەبەردەم دابەشکردنی کورد کاتێك بتەوێت سنوور بسەپێنیت، یان بۆچی وادابنێین کە کورد گەلێکە پێویستی بە پاڵپشتییە؟[3]. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتنامەیە خاڵەکانی یەکەم، دووەم، چوارەم، نۆیەمی تایبەت بوو بە کوردستان و بەهۆیەوە کوردستانی دابەشکردو پرسی کوردی پشتگوێخست، هاوکات ڕێکەوتنەکە بەردەوامیدا بە دابەشکردنی کوردستان[4].

تەوەری دووەم- هۆشیاری و جۆرەکانی:

لەسەرەتای بەکارهێنانی چەمکی هۆشیاریدا ئاماژە درا بەوەی پەیبردنی مرۆڤە بەخودی خۆی و ئەوەی کە لەدەوروبەریدا ئەگوزەرێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو لەسەر بنەمایەکی مەعریفی. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا واتای هۆشیاری گەشەی کردوو بەئاڕاستەی بەرفراوان و بواری جیاوازدا پەلیهاویشت، بەجۆرێك بوو بە شوێنی گرنگی پێدانی هەریەك لەبوارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و هزری و مێژووی[5]. هەر

---

١ سەرچاوەی پێشوو: ل ٣٩-٤١.

٢علي، عثمان: دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة، ١٨٣٣-١٩٤٦، مکتب التفسیر، اربیل، ٢٠٠٣، ص٢٤٦.

٣اسکندر ، سعد بشیر: من التخطیط الی التجزئة، سیاسة بریطانیا العظمی تجاه مستقبل کردستان ١٩١٥-١٩٢٣، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ص٦٢ .

٤ هەمان سەرچاوە: ٦٦.

٥البرواری، زیرفان سلیمان: الوعي السیاسي وتطبیقاته ـالحالة الکردستانیة نموذجا، مطبعة خانی، دهوك، ط١، ٢٠٠٦، ص٢١.

هۆشیاریەکیش کە تاك درکی پێدەکات بریتییە لەجۆرێك لەجۆرەکانی هۆشیاری کە بەهۆی وروژێنەرێکەوە دەردەکەوێت و دەبێتە شوێنی گرنگیپێدانی تاك. لەهەمانکاتیشدا ئەشێ مرۆڤ لەماوەی ژیانیدا هەستی بە چەند جۆرێکی هۆشیاری نەکردبێت بەهۆی نەبوونی وروژێنەرەوە[1]. لەزۆرێك لەسەرچاوەکاندا کاتێك باس لەهۆشیاری دەکرێت جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کەهزر تاکە پێکهاتەی هۆشیارییە، بەڵام لەڕاستیدا هۆشیاری پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە، کە جگە لە هزر زۆر لایەنی تریش دەگرێتەوە وەك: هەست، سۆز، ئەندێشەی بەرفراوان، بەها، بنەماکان، کاریگەری. هەروەها ئەو چەمکانەی بوونیان هەیە لامان، وەك زمان، زانیارییەکانمان،.... هەر بۆیە هۆشیاری لەپۆلی زاراوە ئاڵۆزکان دادەنرێت، ئەمەشە وادەکات کەتاکەکان لەیەکتر جیاوازبن چونکە هەر تاکەکەسێك خاوەنی هۆشیارییەکی تایبەتی خۆیەتی، جیاواز لەوی تر بەهۆی جیاوازی بەهاو چەمك و شارەزاییەکانیەوە[2]. ئێمەش لێرەداو بۆ مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە جۆرو ڕەهەندەکانی بەکورتی تیشك دەخەینە سەریان:

١. هۆشیاری خودی: بریتیە لە جیهانی ناوەکی مرۆڤ، واتە ڕوانین بۆ جیهانی ناوەکی مرۆڤ ئەمەش خۆی لەخۆیدا پڕە لەوزەی شاراوەی نەبینراوی تاکەکەسی[3].

٢. هۆشیاری کۆمەڵایەتی: هەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەوەی یەکەیەکی کۆمەڵایەتین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێکیانەوە دەبەستێت. ئەو بارودۆخەش کە کۆمەڵگە تێیدا دەژی تایبەت دەبێت بەگشتیانەوە ، بۆیە هەر ڕووداوێك لەکۆمەڵگەکەیاندا ڕوودەدات، خراپ بێت یان باش، هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکە تیایدا بەشدار دەبن و بەرپرس دەبن لێی[4].

٣. هۆشیاری نەتەوەیی:مەعریفەی تاکەکانە دەربارەی زمان،مێژوو،کولتوورو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان[5].

٤. هۆشیاری ڕامیاری: کۆمەڵێك بەهاو ئاڕاستەو بنەمای ڕامیارییە کەڕێگەدەدات بەتاکەکەس بەشدارییەکی کارایانە بکات تیایدا بۆ باشکردنی بارودۆخی کۆمەڵگاکەی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و هەنگاونانی بەرەو پێشەوە[6].

١دافيدوف، لندال: مدخل علم النفس، ترجمة: سيد الطواب واخرون، ١٩٨٣، مكتبة التحرير، ص٢٩١.

٢العواض، عادل سعيد أحمد: أيقاظ الوعي، رياظ، ط١، ٢٠١١، ص١٣-١٤.

٣ نفس المصدر: ص٢٣.

٤سليم، شاكر مصطفى: قاموس الانثروبولوجيا، جامعة الكويت، ط١، ١٩٨١، ص٩٨٤.

٥عەبدوڵڵا، چنار سەعد: کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی١٩٩١، چاپی١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥،ص٢٩.

٦ العزعزي، وديع ، دور الوسائل الاعلام في تشكيل الوعي السياسي للشباب اليمني، مجلة شؤون العصر/المركز اليمني للداسات استراتيجية، ١٤٢٨، ص٦.

٥. هۆشیاری ماف: ئەم جۆرە هۆشیارییە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهۆشیاری ڕامیارییەوە هەیە کەزۆرجار لەگەڵ یەکتردا جیاوازی ناکرێن و پێکەوە باسدەکرێن، لەئەنجامی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانەوە دروستدەبێت[١].

٦. هۆشیاری جوانی: لەپەیوەندی مرۆڤەکان بەواقعەوە دروستبووەو، خۆی لەو چالاکیو شتە جوانانە دەبینێتەوە کە مرۆڤ لەگەڵ واقعدا دروستی دەکات، وەك لەشێوازی ژیان و کارەکانی و هونەرەکەیدا[٢]. ئەشێ هۆشیاری جوانی کاریگەرو هەستیار تربێت لەهەندێك جۆری تری هۆشیاری، چونکە هونەرو کارە جوانەکانی بەرهەمی دەستی تاکەکەس و کۆمەڵگە لەم جۆرەی هۆشیاریەدا شوێنی دەبێتەوە، کەوەرگرتن و قبوڵکردنی لە مرۆڤێکی خاوەن هۆشیاری بەرزەوە تامرۆڤێکی سادە کارێکی ئاسان دەبێتو پێویستی بەهەوڵوماندووبوونی زۆر نابێت.

٧. هۆشیاری مێژوویی: ئەم جۆرە لە هۆشیاری کرۆکی بابەتی توێژینەوەکەیەو بەدەر لەوەش شوێنی گرنگی پێدانی فەلسەفەی مێژووە. زۆر لەنوسەران جەخت لەکاریگەریو گرنگی هۆشیاری مێژوویی دەکەن بۆ تاکەکەس و کۆمەڵو کۆمەڵگە. چەمکەکە پێناسەکراوە بەوەی کە هێزی هەنگاونانی مێژووە بۆ ئێستاو ئایندە. هەروەها دەربازبوونە لە پاشکۆیەتیو هەڵەکانی ڕابردوو. یان ئاشنابوونە بەو ئامرازانەی کە یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی نەتەوە لەڕێگەی هەڵێنجانی ڕووداوە مێژوویەکانی نەتەوەوە. هۆشیاری مێژوویی یارمەتی مرۆڤەکان دەدات لەڕزگاربوونیان لەدیلێتی ڕابردوو هەر خودی هۆشیاری مێژوویشە فریادڕەسە لەکاڵکردنەوەی بیری داستانی مێژوویی تاوەکو مرۆڤەکان لەهۆشیاری هەڵخەڵەتێنەر سەبارەت بەمێژوو بەدووربگرێت، هاوکات توانای تاك لەبیرکردنەوەو داهێنانو شیکارکردنی ڕەخنەی مێژوویی نزیك بکاتەوە. لێرەوە ئەکرێت بڵێین سیمایەکی دیاری هۆشیاری مێژوویی، دوورخستەوەی ئەندامانی کۆمەڵگەیە لەبیری دەمارگیریو یارمەتیدانیەتی بۆ خوێندنەوەی ڕابردوو ئێستاو ئایندە. هەروەها مرۆڤ ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی دەکاتەوە سەبارەت بەڕاستییە مێژووییەکانو دەرکردنی لەئەندێشەو داستانی بێ بنەما[٣]. کەواتە هۆشیاری مێژوویی چەندە یارمەتیدەرە بۆ خوێندنەوەی ئێستاو ئایندە لەڕێگەی ڕابردووەوە، هێندەش یارمەتیدەرە بۆ خوێندنەوەی ڕابردوو لەڕێگەی ئێستاوە [٤].

ئەم بابەتە لەدوو لایەندا کاردەکات. لایەنی یەکەم، پێویستە هەموو تاکێك کۆمەڵگا هۆشیاری هەبێت سەبارەت بەو مێژووەی کە بەمێژووی خۆیو نەتەوەکەی دادەنێتو شوێنی تێڕامان و تێفکرینیەتی. ئەکرێ بڵێین لەئاستێکی سادەو مامناوەنددا هۆشیاری مێژوویی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە تاوەکو

---

١أولیدوف . أ.ك: الوعي الاجتماعي، ترجمة: میشیل كیلو، دار أبن خلدون، بیروت، ط١، ١٩٧٨،ص٨٠.

٢ نفس المصدر: ص٩٥.

٣حسن، بن حسن، الوعي التأریخي كقوة للتجاوز، مركز التنوع للدراسات، على الموقع الالكتروني:
http://www.tanaowa.com/?p=1095

٤حنفي، حسن: التأریخ بین الوعي و الخطابیة، على الموقع الالكتروني :
http://www.alarabiya.net/views/2010/04/10/105506.html

هەمووكات شوێن دەستەكانی لەبەرەوپێش بردنی كۆمەڵگەدا كەم تازۆر دیاربێت. لایەنی دووەم ئەوەیە كە گەورەترین بەرپرسیارێتی بەردەكەوێت لە هۆشیاری مێژووییدا، كە مێژوونووسانن. چونكە لەسەردەستی ئەوان، ڕووداوی مێژوویی بەرگی زیندوێتی و ڕاستگۆیی بۆ ئێستاو ئاینده بە بەردا دەكرێت. ، ئەوە ئەوانن كەبەرپرسیارێتی دۆخەكانی ئاینده دەگرنە ئەستۆ بەرپرسیارێتیەك كە كۆمەڵگە دەربازكات لەهەموو دۆخێكی چەقبەستوو، خەون و خەیاڵی پاشكۆیەتی. چونكە لەسەرەتا تا كۆتای ئەوانن بەخشەری هۆشیاری بەمنداڵ و گەنج و پیری هەر كۆمەڵگەیەك ، لەدەستی ئەوانەوە هۆشیاری مێژووی سەبارەت بەڕووداوە مێژووییەكانی كۆمەڵگە وەردەگیرێت[1]. بەم مانایەش ڕووداوی مێژووی ڕووداوی مێژوو نووسەو هەر بۆ مێژوو نوسیشە ئەنجامی توێژینەوەو ڕوانین و لێ ووردبوونەوەی، هەروەها بۆ ئەوەی مێژوو نووس بتوانێت قسە لەسەر هەرڕووداوێك بكات پێویستە ئەو ڕووداوە بگوازێتەوە بۆ ڕووداوێك بەمانای مێژووی[2] .

**باسی دووەم- لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە:**

**بەشی سێیەم- چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەكە:**

لەم بەشەدا توێژەر هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر هەریەك لە میتۆدی بەكارهاتوو، كۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەكە، بوارەكان و ئامرازەكانی توێژینەوەكە.

میتۆدی توێژینەوە: لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی واقعی كۆمەڵگەكە بخوێنێتەوە بۆ بابەتی توێژینەوەكە، بۆیە بەپێویستی دەزانین میتۆدی وەسفی شیكاری بەكاربهێنین بەڕێگەی كێومالی كۆمەلایەتی و وەرگرتنی نمونە. بەلام زۆرجار سروشتی ئەو بابەتەی كەتوێژەر هەڵیبژاردووە وادەخوازێت لەمیتۆدێك زیاتر بەكار بهێنێت لەتوێژینەوەكەیدا، وەك لەم توێژینەوەیەداو لەبەر ئەوەی خودی بابەتەكە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەمێژووە وە هەیە بۆیە میتۆدێكی تری بەكارهاتوو بۆ توێژینەوەكە بریتیە لەمیتۆدی مێژووی. لەسەر ئەو بنەمایەی كەهەر بابەتێك یان دیاردەیەك لێی بكۆڵینەوەو لەڕابردوودا ڕوویدابێت ، هەموو ئەو دیاردانەش كەباكگراوەندی مێژوویان هەیە، پێویستە بەمیتۆدی مێژووی توێژینەوەیان لەسەر بكرێت[3].

**كۆمەڵگەی توێژینەوەكە:** كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێكدێت لە خوێندكارانی زانكۆی سلیمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥- ٢٠١٦)، بە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، جگە لەخوێندكارانی قۆناغی یەك كە تاكاتی

---

١ العروي: المصدر السابق، ص٧٤.

٢الشيخاوي، هيكل ، الحدث التأريخي و الحدث غير التأريخي، على الموقع الالكتروني:
http://encysco.blogspot.com/2013/11/1_26.html

٣بۆكانی، سابیر: میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بلاوكراوەی چوار چرا، سلیمانی، چاپی١ ، ٢٠١٦. ل٦٦.

ئەنجامــدانی توێژینەوەکــە دەســتیان بەخوێنــدن نــەکردبوو، بــەو پێیــەش ژمــارەی خوێنــدکاران (٢٢٨٧١) خوێندکاربووە لەزانکۆی سلیمانیدا.

نمونەی توێژینەوەکە: پێکهاتووە لە(٢٢٨) خوێندکار کە بەپێی یاسای(مۆزەر) وەرگیراون بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونـەی توێژینەوەکـە، لـەکۆی گشـتی (٢٢٨٧١) خوێنـدکار، لەسـەر بنـەمای ئاسـتی متمانـەی (٩٥٪ کەبەرامبەر بە١.٩٦دەبێت لەخشتەدا) هەروەها گریمانەکردنی لادانی پێوەری بەبەهای (١٥) پلە بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پلەی دەلالەتی (+٢) لە ئەنجامدا قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە (٢٢٥)یەکە دەردەچێت، بەڵام بۆئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر دوو کۆلێج و چواربەشدا دابەشبکرێت زیاترمان وەرگرتووەو قەبارەی نمونەکەمان نزیك کردۆتەوە لـە(٢٢٨)یەکە، بەڕێگـەی هەڕەمـەکی ڕێکخـراو. بۆ ئـەم مەبەسـتەو پاش ئەنجامدانی تیرو پشك لـەنێوان کـۆی کۆلیجـە زانسـتییەکان و کۆلێجـە مرۆڤایەتییـەکان، هەریـەك لـە کۆلێجەکانی(ئەنـدازیاری، زانسـت، زمـان، هونەر)چانسـی بەشـداری کردنیـان وەرگرتـووە. بـۆ هـەر کـۆلیجێکیش (١١٤) فـۆڕم تـەرخانکراوەو ،هـەر بەشێکیش (٥٧) فۆڕم. لەگەڵ ئەوەشدا فۆرمی زیاتر دابەشکرا بۆ فەرامۆشکردنی ئەو فۆرمانـەی کە هەڵـەیان تیـادا دروسـتدەبێت. خشـتەی (١) خەسـڵەتەکانی نمونــەی توێژینەوەکــە ڕووندەکاتــەوە دوای دابەشــکردن و وەرگرتنەوەو بەتاڵکردنەوەی فۆڕمەکان.

**خشتەی(١)**

**خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە**

| گۆڕاوەکان | دابەشبوونی گۆڕاوەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٠٧ | ٤٦,٩٢٪ | ٢٢٨ |
| | مێ | ١٢١ | ٥٣,٠٧٪ | |
| تەمەن | (١٨ – ١٩) | ٣٤ | ١٤,٩١٪ | ٢٢٨ |
| | (٢٠ – ٢١) | ٨٠ | ٣٥,٠٨٪ | |
| | (٢٢ – ٢٣) | ٧١ | ٣١,١٤٪ | |
| | (٢٤ – ٢٥) | ٤٣ | ١٨,٨٥٪ | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | شار | ١٣٧ | ٦٠,٠٨٪ | ٢٢٨ |
| | قەزا | ٤٦ | ٢٠,١٧٪ | |
| | ناحیە | ٢٩ | ١٢,٧١٪ | |
| | گوند | ١٦ | ٧,٠١٪ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆلیج | ئەندازیاری | | ٥٧ | ٢٥٪ | ٢٢٨ |
| | زانست | | ٥٧ | ٢٥٪ | |
| | زمان | | ٥٧ | ٢٥٪ | |
| | هونەر | | ٥٧ | ٢٥٪ | |
| قۆناغ | ئەندازیاری | ٢ | ٢٩ | ١٢,٧١ | ٢٢٨ |
| | | ٤ | ٢٨ | ١٢,٢٨ | |
| | زانست | ٢ | ٢٨ | ١٢,٢٨ | |
| | | ٤ | ٢٩ | ١٢,٧١ | |
| | زمان | ٢ | ٢٩ | ١٢,٧١ | |
| | | ٤ | ٢٨ | ١٢,٢٨ | |
| | هونەر | ٢ | ٢٨ | ١٢,٢٨ | |
| | | ٤ | ٢٩ | ١٢,٧١ | |

**بوارەکانی توێژینەوەکە:**

١. بواری شوێنی: لە زانکۆی سلیمانی وەك دامەزراوەیەکی فەرمی سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵا پێکهاتووە بەتەواوی کۆلێج و بەشە زانستی و مرۆییەکانەوە.

٢. بواری مرۆیی: خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی لەخۆدەگرێت کەتیایدا نمونەیەکی(٢٢٨)یەکەیی لێوەرگیراوە .

٣. بواری کاتی: واتە ئەو ماوەیەی بۆ ئەنجامدانی کارەمەیدانییەکان پێویستبووە، کە لەبەرواری (٢٠١٥/١٢/١) بۆ (٢٠١٦/٢/١).

**ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

فۆڕمی ڕاپرسی: لەسەر ئەو بنەمایەی کە فۆڕمی ڕاپرسی یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ توێژینەوە مەیدانییەکان، هەستاین بە ئامادەکردنی فۆڕمێکی ڕاپرسی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە، کە خۆی لەکۆمەڵێك پرسیاری گشتی و تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکەدا دەبینێتەوە. هاوکاری سەرەکی بۆ بونیادنانی فۆڕمەکە هەریەك لە سەرچاوە زانستییەکان و توێژینەوە پێشووییەکانبوون. لەسەر بابەتی هۆشیاری و ئەو بابەتانەی کە نزیکبوون لەبابەتی توێژینەوەکە، هەروەها پاش دانانی پرسیارەکانی نێو

فۆڕمەکـە، بـۆ ئـەوەی فۆڕمەکـە خەسـڵەتی زانسـتی بـوونی خـۆی لەدەسـتنەدات، هەسـتاین بـە ئەنجامـدانی دوو هەنگاوی سەرەکی، ئەویش دەرکردنی ڕاستگۆیی و جێگیری بوو بۆ فۆڕمەکە:

أ- ڕاسـتگۆیی : هـەنگاوێکی گرنگـی توێژینـەوە مەیدانییەکانـە. چـەند جۆرێـك لەڕاسـتگۆی بـوونی هەیـە. توێژەر لێرەدا ڕاستگۆی ڕواڵەتی بەکارهێناوە، بۆ ئـەم مەبەسـتەش فۆڕمی توێژینەوەکەی دابەشکردووە بەسـەر کۆمەڵێك لە پسپۆڕانو شارەزایانی بواری توێژینەوەی ئەکادیمی، بۆئەوەی ڕاو سـەرنجی خۆیـان لەسـەر تـەواوی پرسیارەکان بخەنەڕوو. خشتەی(٢) ڕای شارەزایان سەبارەت بە فـۆڕمی توێژینەوەکە دەخاتـەڕوو، پاشکۆی (١) ناوی شارەزایانو پسپۆڕیانی تێدا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(٢)

ڕای شارەزایان سەبارەت بەپرسیارەکانی فۆڕمی توێژینەوەکە

| ژمارەی تایبەت بەپرسیارەکان | ژمارەی پرسیار | ژمارەی ئەو پسپۆڕانەی قبوڵیانکردووە | ڕێژەی قبوڵکردن | ڕێژەی سەدی قبوڵکردن | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|
| لەپرسـیاری١-٢٤ جگـە لەپرسـیارەکانی(٦، ٧، ٨، ١٣، ١٩، ٢٤،٢٠) | ١٧ | ٥ | ٥/٥ | ٪١٠٠ | گونجاو |
| ٦و١٣و٢٤ | ٣ | ٤ | ٥/٤ | ٪٨٠ | گونجاو |
| ٧و٨و١٩و٢٠ | ٤ | ٣ | ٥/٣ | ٪٦٠ | گونجاو |

ب - جێگیری: بـۆ مەبەسـتی جێگیر کردنـی فـۆڕمی توێژینەوەکـە هەسـتان بەبـەکارهێنانی ڕێگـەی دووجـار دابەشـکردنی فۆڕمەکـە بەسـەر نمونەیـەکی (١٥) یەکـەیی، لـە خوێنـدکارانی زانکـۆ. پـاش بـەکارهێنانی ئـامرازی ئاماری(سپیرمان)، دەرکەوت کە بەهای پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو دابەشکردنەدا (٠.٨٧) بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە فۆڕمەکە شیاوی جێگیرکردنە.

ئـامرازە ئامارییـە بـەکارهاتووەکان: بـۆ مەبەسـتی دەرکردنـی ئەنجامـەکان و وەڵامدانـەوەی زانسـتیانەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەپێی داتاو زانیـاری ئـاماری هەسـتاین بەبەکارهێنانی چەند یاسایەکی ئـاماری و هەروەها بەرنامەی(SPSS) لەتۆمارکردنی داتاو زانیارییەکاندا:

١. یاسای مۆزەر بۆ دەرکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە.

٢. یاسای سپێرمان بۆ مەبەستی دڵنیابوون لەجێگیری فۆڕمی توێژینەوەکە.

٣. یاسـای (کـا) بـۆ دۆزینـەوەی ئەگـەری بـوونی جیـاوازی لـە هۆشـیاری سـەبارەت بـەڕووداوە مێژوویـەکان بەپێی گۆڕاوە گشتییەکانی توێژینەوەکە(ڕەگەز، باگراوەندی خێزانی، پسپۆڕی).

**بەشی چوارەم- خستنەڕوو گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان توێژینەوەکە:**

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بخەینەڕوو،هەروەها گفتوگۆی ئەو ئامانجانەش بکەین کەپێشتر بۆ توێژینەوەکە دامانناِبوون:

**ئامانجی یەکەم: خستنەڕووی ئاستی زانیاری خوێندکارانی زانکۆ لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان:** ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە، پێمان دەڵێت خوێندکارانی زانکۆ بەڕێژەی(٨٥,٥٪)ئاماژە بەوەدەدەن کە زانیاریان هەیە لەسەر ڕووداوە مێژوویەکانی نەتەوەکەیان. بەڕێژەی (١٤,٥٪) هیچ زانیارییەکیان نییە لەسەر ڕووداوە مێژوویەکانی نەتەوەکەیان، وەك لەخشتەی(٣)دا، ڕوونکراوەتەوە.هەروەها ئەوانەی زانیاریان لەسەر ڕووداوە مێژوویەکانی نەتەوەکەیان هەیە بەڕێژەی (٣٨,٤٦٪)، کەبەرزترین ڕێژەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی بۆ پەرتووکەکانی خوێندن دەگەڕێتەوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەخوێندکاری کوردو گەنجانی ئەم وولاَتە بۆ فراوانکردنی زانیارییەکانیان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان هێندەی گرنگی بە پەرتووکەکانی قوتابخانە دەدەن، گرنگی بەسەرچاوەی تر نادەن. بەلاَم ئەوانەی کەئاماژەیانداوە بەوەی کە زانیارییان نیە لەسەر ڕووداوە مێژوویەکان، هۆکاری نەبوونی زانیارییان بەپێی بەرزترین ڕێژە (٥١,٥١٪) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلایان(مێژوو بابەتێکی ووشکە).

**خشتەی(٣)**

**زانیاری خوێندکاران لەسەر ڕووداوی مێژووی**

| هەڵبژاردەکان | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی | سەرچاوەی زانیاری | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩٥ | ٨٥,٥٪ | خوێندنەوە | ٥٤ | ٢٧,٦٩٪ |
| | | | دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ٦٣ | ٣٢,٣٠٪ |
| | | | پەرتووکی قوتابخانە | ٧٥ | ٣٨,٤٦٪ |
| | | | هیتر | ٣ | ١,٥٣٪ |
| نەخێر | ٣٣ | ١٤,٥٪ | **هۆکاری نەبوونی زانیاری** | **دووبارەکان** | **ڕێژەی سەدی** |
| | | | مێژوو بابەتێکی ووشکە | ١٧ | ٥١,٥١٪ |
| | | | مێژووی‌کورد دووبارەیە | ٧ | ٢١,٢١٪ |
| | | | باوەڕم بەمێژوو نیە | ٧ | ٢١,٢١٪ |
| | | | هۆی تر | ٢ | ٦,٠٦٪ |
| کۆی گشتی | ٢٢٨ | ١٠٠٪ | / | / | / |

**ئامانجی دووەم: خستنەڕووی ئاستی ئاشنایەتی خوێندکارانی زانکۆ بەڕووداوێکی مێژووی وەك (سایکس – پیکۆ)**: بەپێی ئەو ئەنجامەی کەلە فۆڕمی ڕاپرسییەکەوە دەستمانکەوتووە، ڕێژەی(٨٧,٢٨٪)ی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئاشنایەتیان هەیە سەبارە بەڕێکەوتنامەی (سایکس – پیکۆ)، بەلاّم تەنها ڕێژەی (٦٩,٣٥٪)بە فعلی توانیویانە پێناسەیەکی زانستی سادەی دروست بۆ چەمکەکە بکەن و، لەهەمانکاتدا ڕێژەی(٣٠.٦٥٪)یان، هەرچەندە ئاماژەیان بەوەداوە کەهۆشیاریان هەیە سەبارەت بەڕێکەوتننامەکە بەلاّم نەیان توانیوە پێناسەیەکی سادەی دروستی بۆ بکەن، ڕێژەی(١٢,٧٢)یان ، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕێکەوتننامەکە نیە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەهەرچەندە ڕێژەی (٦٩,٣٥٪)ی نمونەی توێژینەوەکە ئاشنایەتیان هەیە سەبارە بەڕێکەوتنامەکە بەلاّم ئاشنایەتیان لەپێناسەیەکی سادەی چەند دێڕی تێپەڕناکات.خشتەی(٤)، ئامانجی دووەم زیاتر ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی(٤)**

**زانیاری خوێندکارانی زانکۆ لەسەر ڕێکەوتنامەی (سایکس ـ پیکۆ )**

| هەڵبژاردەکان | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی | توانای پێناسەکردنی زانستیانەی ڕێکەوتنامەکە | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩٩ | ٨٧,٢٨٪ | توانای هەبووە | ١٣٨ | ٦٩,٣٥٪ |
| | | | توانای نەبووە | ٦١ | ٣٠,٦٥٪ |
| نەخێر | ٢٩ | ١٢,٧٢٪ | / | / | |
| کۆی گشتی | ٢٢٨ | ١٠٠٪ | / | / | |

**ئامانجی سێیەم: دەرخستنی توانای پێشبینیکردنی خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن و دواتر ئەشێ ببنە ڕووداوی مێژووی.**

بەپێی ئەو ئەنجامەی کەلە فۆڕمی ڕاپرسییەکەوە دەستمانکەوتووە، ڕێژەی(٥١,٣٢٪)ی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە توانای پێشبینیکردنی ئەو ڕووداوانایان هەیە کەڕوودەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێژەی (٣٤,١٩٪)یان دەگەڕێنەوە بۆ پشتبەستن بە بابەت و ڕووداوە مێژوویەکانی کەپێشتر ڕوویانداوە تاوەکو یارمەتیدەریان بێت لەپێشبینیکردنیاندا، بەلاّم ڕێژەی(٤٨,٦٨٪)ی نمونەی توێژینەوەکە توانای پێشبینیکردنیان نیە بەو ڕووداوانەی کەڕوودەدەن و کاریگەری بەرچاو لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردی لەئێستاو ئایندەدا دروستدەکەن، لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەتوانای پێشبینیکردن بۆ بارودۆخەکان لەلای گەنجانی ئەم وولاّتە ڕاستە بەئەنجام دەرکەوتووە کەبوونی هەیە، بەلاّم ناکرێت بووترێت لەئاستێکی باشدایە

بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵدانی گەنجان بۆ توانای پێشبینیکردن بەڕووداوەکانەوە بەڕێژە وەك لەخشتەکەشدا خراوەتەڕوو زۆر نزیکە لە نەبوونی توانای پێشبینی کردن، ئەشێ لێرەداو بۆ ئەم مەبەستە بووترێت کە گەنج لەکوردستاندا ماندووکراوە بە کێشەی لاوەکی و بەباروودۆخی چەقبەستووی نەگۆڕدراو، نائومێدییەکی بەردەوام. ئەمەش وادەکات کە ئارەزووی پێشبینیکردن و گەڕانی بەدوای ڕووداوە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەکەی نەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەم ئەنجامە جارێکی تر دەمانگەیەنێتەوە سەر ئامانجی پێشووتر کە خوێندکارانی زانکۆ هۆشیاریان بۆ ڕووداوە مێژووییە کاریگەرەکان و بەنمونەش ڕێکەوتننامەی(سایکس – پیکۆ) لەچەند دێرێکی ناو پەرتووکەکانی قوتابخانە تێپەڕناکات. مەگەر لەهەندێکی خوێندکاری زۆر کەمدا نەبێت، چونکە ئەگەر خوێندکاری زانکۆ، گەنجانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی توانای پێشبینیکردنیان لاوازبێت بۆ ڕووداوەکان و ئارەزووی نەکەن، مانای وایە کە بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکان نیە کە بەدواداچوونیشیان نەبوو بەدڵنیاییەوە هۆشیاریان وەك پێویست نابێت سەبارەت بەڕووداو بارودۆخەکان. لەخشتەی(٤)دا،توانای خوێندکارانی زانکۆ بۆ پێشبینیکردن بەڕوداووەکانەوە زیاتر ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی(٤)

توانای پێشبینیکردنی خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن

| هەڵبژاردەکان | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی | سەرچاوە یارمەتیدەرەکان بۆ پێشبینی کردن | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٧ | ٥١,٣٢٪ | ڕاوبۆچوونی سیاسییەکان | ٣٥ | ٢٩,٩١٪ |
| | | | ڕاوبۆچوونی نووسەران | ٢٥ | ٢١,٣٦٪ |
| | | | دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ١٧ | ١٤,٥٣٪ |
| | | | گەڕانەوە بۆ مێژوو | ٤٠ | ٣٤,١٩٪ |
| نەخێر | ١١١ | ٤٨,٦٨٪ | / | / | |
| کۆی گشتی | ٢٢٨ | ١٠٠٪ | | | |

**ئامانجی چوارەم:خستنەڕووی ئینتمای خوێندکارانی زانکۆ بۆ نەتەوەکەی و شانازیکردن بە ناسنامەی نەتەوەییەوە.**

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کەلە فۆرمی ڕاپرسییەکەوە دەستمانکەوتووە، دەردەکەوێت کەڕێژەی(٧٣,٦٨٪)ی نمونەی توێژینەوەکە کەوێنەی گەنجانی زانکۆ دەکەن، ئینتمایان بۆ نەتەوەکەیان هەیەو، بەهەمان شێوە بەڕێژەی(٧٦,٧٥٪)یان جەخت لەسەر شانازیکردن دەکەنەوە بەپێناسی نەتەوەییانەوە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە خوێندکارانی زانکۆو گەنجانی زانکۆ، خاوەن ئینتماو شانازین بەپێناسەی نەتەوەییانەوە.

کەدەکرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ بونیادنانەوەی هەر سێکتەرێکی لاوازبوو لەم کۆمەڵگەیەداو چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە، لەخشتەی(٥)دا، زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٥)**

**ئینتمای خوێندکارانی زانکۆ بۆ نەتەوەکەی و شانازیکردن بە ناسنامەی نەتەوەییەوە**

| ئینتمای خوێندکارانی زانکۆ بۆ نەتەوەکەیان | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی | شانازیکردنی خوێندکاری زانکۆ بە ناسنامەی نەتەوەییەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦٨ | ٧٣,٦٨٪ | ١٧٥ | ٧٦,٧٥٪ |
| نەخێر | ٦٠ | ٢٦,٣٢٪ | ٥٣ | ٢٣,٢٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٢٨ | ١٠٠٪ | ٢٢٨ | ١٠٠٪ |

**ئامانجی پێنجەم: دەرخستنی هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی (سایکس – پیکۆ) بەپێی گۆڕاوی:**

١. ڕەگەز(نێر . مێ)
٢. باکگراوەندی خێزانی (شار . قەزا،ناحیە،گوند )
٣. پسپۆڕی (زانستییەکان . مرۆڤایەتییەکان)

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە بۆ توێژینەوەکە دەستمان کەوتووەو وەك لەخشتەی(٦)دا خراوەتەڕوو، دەردەکەوێت کە هەریەك لەگۆڕاوەکانی(ڕەگەز، باکگراوەندی خێزانی)، هیچ جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار دروست ناکەن لەبابەتی هۆشیاریدا سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی (سایکس – پیکۆ)، بەڵام گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی/مرۆڤایەتی) جیاوازی ئاماژەدار لەڕووی ئامارییەوە دروستدەکات لەبابەتی هۆشیاریدا سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی(سایکس – پیکۆ)، کە لە بەرژەوەندی کۆلیجە مرۆڤایەتییەکانیدایە، چونکە ناوەندە ژمێرەی کۆلیجە مرۆڤایەتییەکان (٠,٧١)و، گەورەترە لەناوەندە ژمێرەی کۆلیجە زانستیەکان (٠,٥٧) سەرەڕای ئەوەی کەبەهای (کا) بەدەستهاتوو = ٤,٢٨ گەورەترە لە (کا) خشتەیی (٣,٨٤). لێرەشداو بۆ ئەم ئەنجامەی توێژینەوەکە دەتوانین بڵێین خوێندکارانی کۆلیجە مرۆڤایەتییەکان بەهۆی خوێندنی ئەو بابەتانەی کە زیاتر ئەچێتە چوارچێوەی مێژوویی، هەم لەپێش هاتنیان بۆ زانکۆو دواتریش، کە گرنگیان زیاتر پێدەدرێت بە بەراوردکردن بە کۆلیجە زانستتیەکان زانیاریو هۆشیاریان زیاتردەبێت. لەلایەکی تر سروشتی ئەو بابەتانەی کە لەکۆلیجە مرۆڤایەتییەکاندا دەخوێندرێتو گرنگی پێ دەدرێت، دۆخێکی وا دروستدەکات بۆ خوێندکارانی بەشە مرۆییەکان کە خولیاو ئارەزوویان سەبارەت بەبابەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، مرۆییەکان زیاتربێت، وەك لە خوێندکارانی کۆلیجە زانستییەکان .

**خشتەی (٦)**

**هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی (سایکس – پیکۆ)**

**بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، باگراوەندی خێزانی، پسپۆڕی)**

| گۆڕاوەکان | ناوەندەژمێرەیی | بەهای (کا) بەدەستهاتوو | بەهای (کا) خشتەیی | ئاستی دەلالەت | پلەی ئازادی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر= ٠,٦٣<br>مێ= ٠,٦٠ | ٠.٢٤ | ٣,٨٤ | ٠,٠٥ | ١ | ئامارژەدارنیە |
| باگراوەندی خێزانی | شار= ٠,٥٩<br>قەزا،ناحیە،گوند= ٠,٦٧ | ١,٤٤ | ٣,٨٤ | ٠,٠٥ | ١ | ئامارژەدارنیە |
| پسپۆڕی | زانستی= ٠,٥٧<br>مرۆڤایەتی= ٠,٧١ | ٤,٢٨ | ٣,٨٤ | ٠,٠٥ | ١ | ئامارژەدارە |

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١.ڕێژەی (٥٣,٠٧٪) نمونەکە لەڕەگەزی مێن، ڕێژەی (٤٦,٩٢٪) لەڕەگەزی نێرن، هەروەها ڕێژەی(٣٥,٠٨٪) لەئاستی تەمەنی (٢٠-٢١) ساڵیدان، لەهەمانکاتدا ڕێژەی (٦٠,٠٨٪)یان نیشتەجێی شارن.

٢. ڕێژەی (٨٥,٥٪) نمونەکە ئاماژە بەوەدەدەن کە زانیارییان هەیە سەبارەت بەڕووداوە مێژووییەکان. ڕێژەی (٣٨,٤٦٪) یان سەرچاوەی زانیارییەکانیان (پەرتووکەکانی قوتابخانە)یە، لەکاتێکدا ڕێژەی (٥١,٥١٪)یان پێیان وایە کە نەبوونی زانیاریی لایان سەبارەت بەڕووداوە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێژوو بابەتێکی ووشکە.

٣. ڕێژەی (٨٧,٢٨٪)ی نمونەکە ئاماژە بەوە دەدەن کە شتێکیان بیستووە بەناوی (سایکس-پیکۆ)، هەروەها ڕێژەی (٦٩,٣٥٪) یان توانای پێناسەکردنی ڕێکەوتننامەی (سایکس-پیکۆ)یان هەیە. ڕێژەی (٧٤,١٢٪) یان پێیان وایە کە ڕێکەوتننامەکە لەبەرژەوەندی کورد نەبووە.

٤.ڕێژەی (٧٣,٦٨٪) نمونەکە ئینتمایان هەیە بۆ نەتەوەکەیان، هەروەها ڕێژەی(٥٣,٥٠٪)یان پێیان وایە کە (دابینکردنی هەلی کار) هۆکاری کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی ئینتمای نەتەوەیی لای گەنجان.

٥. ڕێژەی (٦٩,٧٣٪) نمونەکە پێیان باشە دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت، هەروەها ڕێژەی(٥٩,٣٧٪)نمونەکە پێیان باشە (ئابووری سەربەخۆ) بکرێتە بنەما بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

٦. ڕێژەی (٧٦,٧٥٪) نمونەکە شانازی بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانەوە دەکەن.

٧. ڕێژەی (٥١,٣٢٪) نمونەکە توانای پێشبینیکردنیان هەیە بەو ڕووداوانەوە کەڕۆژانە ڕوودەدەن، بۆ پێشبینیکردنەکەشیان ڕێژەی (٣٤,١٩٪) یان پشت بە (گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان)، دەبەستن.

٨. ڕێژەی (٥٦,٥٧٪) نمونەکە، پێیان وایە کە کوردستانی گەورە بەرەو(دابەشبوونی زیاتر)دەڕوات لەئایندەدا. هەروەها ڕێژەی (٦٤,٤٧٪) نمونەکە پێیا وایە کە (کورد خۆی) هۆکاری دابەشبوونی کوردستان بووە لەڕابردوودا.

٩. ڕێژەی (٦٤,٤٧٪)نمونەکە، ئاماژە بەوە دەدەن کە هۆکاری دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ (نەبوونی سەرکردە).

١٠. لەکۆتا پرسیاردا بۆ مەبەستی ئاشنابوون بە ئاستی هیوای گەنج بەئایندەی ئەم کۆمەڵگەیە پرسیاری ئەوەمانکرد کە(ئەگەر هەلی کۆچکردنت پێدرا بۆ دەرەوەی وڵات ئامادەیت کۆچ بکەیت؟)، لەئەنجامدا ڕێژەی (٧٠,٦١٪) نمونەی توێژینەوەکە پێشنیارەکەی پێ قبووڵە، ئەمەش ئەنجامێکی سەرنج ڕاکێشەو شوێنی کار لەسەرکردنی هەموو لایەکە، بەتایبەت حکومەت.

**ڕاسپاردەو پێشنیارەکان:**

**یەکەم: ڕاسپاردەکان:**

١.گرنگیدانی زیاتری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بینراوەکان بەڕووداوە مێژوویەکان و لەناویشیاندا ڕێکەتنامەی (سایکس- پیکۆ)، باسکردن و ووردبوونەوە لێی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە لەڕێگەی بەرنامە تەلەفیزیۆنیەکانەوە.

٢. گرنگیدانی خێزانەکان بەهۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیان سەبارەت بەو ڕووداوە مێژوویانەی کەکاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەکەیان بەبەردەوامی دروستکردووەو.

٣. گرنگیدانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەو مامۆستایانی مێژوو بەو ڕووداو بابەتانەی کە لەمێژووی گەلی کورددا زۆر گرنگ بوون و تاوەکو ئەمڕۆش بەئەرێنی بێت یان نەرێنی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ماوە وەك ڕێکەوتننامەی (سایکس- پیکۆ) .

٤.مامۆستایانی مێژوو بەوپەڕی سانایی و حەزوو ئارەزووەوە بابەتە مێژوویەکان بگەیەننە خوێندکاران بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتادا، تاوەکو خوێندکار نەتۆرێنن لەوەرگرتنی هۆشیاری سەبارەت بەبابەتە مێژوویەکان و بۆ ئەوەی خولیای بەدواداچوونیان تێدا چەکەرە بکات.

٥. مامۆستایانی زانکۆ پێویستە بەشداری کارایانەیان هەبێت لەهۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ بەگشتی بۆ بابەت و ڕووداوە مێژوویەکانی گەلی کورد. ئەویش لەڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕو سیمینارو کۆنفراس لەسەر ئاستی زاکۆ و هەروەها بەشداری پێکردنی خوێندکارانی تەوای کۆلیج و بەشەکانی زنکۆ لەو چالاکیانەدا.

**دووەم: پێشنیارەکان:**

**١.ئەنجامدانی توێژینەوەی بەرفراوانتر سەبارەت بە هۆشیاری خوێندکارانی زانکۆ بۆ ڕووداوە مێژووییەکان کە تەواوی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان تیایدا بەشداربێت.**

**٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی لەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە تاوەکو ئەمڕۆ کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ماوەو کاریگەریان ئەشێ هیچی کەمتر نەبووبێت لەکاریگەری ڕێکەوتننامەی (سایکس – بیکۆ).**

**سەرچاوەکان:**


**یەکەم : سەرچاوە عەرەبییەکان**

١. **أوليدوف . أ.ك: الوعي الاجتماعي، ترجمة: ميشيل كيلو، دار أبن خلدون، بيروت، ط١، ١٩٧٨.**

٢. **اسكندر ، سعد بشير: من التخطيط الى التجزئة، سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، بنكەی ژين، سلێمانی، ٢٠٠٧.**

٣. **البرواری، زيرفان سليمان: الوعي السياسي وتطبيقاته ـالحالة الكردستانية نموذجا، مطبعة خانی، دهوك، ط١، ٢٠٠٦.**

٤. **الحنفي، عبدالمنعم: موسوعة علم النفس والتحليل النفسي، مطبعة الاطلس، القاهرة، ط٤، ١٩٩٤.**

٥. **دافيدوف، لندال: مدخل علم النفس، ترجمة: سيد الطواب واخرون، مكتبة التحرير،١٩٨٣ .**

٦. **زيباري، عبدالرحمن سليمان: الوضع القانوني لاقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، موكرياني، اربيل، ٢٠٠٢.**

٧. **سليم، شاكر مصطفى: قاموس الانثروبولوجيا، جامعة الكويت، ط١، ١٩٨١.**

٨. **سلطان، أبتسام محمود محمد: المساندة الاجتماعية وأحداث الحياة الضاغطة، دار صفاء، عمان، ط١، ٢٠٠٩.**

٩. **علي، عثمان: دراسات فی الحركة الكوردية المعاصرة، ١٨٣٣-١٩٤٦، مكتب التفسير، اربيل، ٢٠٠٣.**

١٠. **العروي، عبدالله: المفهوم التاريخ الالفاظ والمذاهب، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، ط٤ ،٢٠٠٥.**

١١. **العواض، عادل سعيد أحمد: أيقاظ الوعي، رياظ، ط١، ٢٠١١.**

١٢. **العزعزي، وديع ، دور الوسائل الاعلام في تشكيل الوعي السياسي للشباب اليمني، مجلة شؤون العصر/المركز اليمني للداسات استراتيجية، ١٤٢٨.**

١٣. **مؤنس، حسن: التاريخ و المؤرخون، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٨٤.**

١٤. **محمد، كوردو رحمان: حقوق الشعب الكردي في ظل الدساتيروالقوانين العراقية، مطبعة ذير، سليمانية، ٢٠٠٤.**

دووەم : سەرچاوە کوردییەکان:

١٥. ئەبوبەکر ئەحمەد عوسمان: کوردستان لە پەیمانی سایکس–پیکۆو سازانۆڤ–پالیولۆگدا، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان–شمس کوردستان)، ژمارە ٨، ئایار ١٩٧٢.

١٦. عەزیز، محمد و عمر ئیبراهیم: ڕاو بۆچوونی قوتابیانی زانکۆ بەرامبەر بەکۆچکردنی لاوان بۆ هەندەران، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، تایبەت بەکۆنگرەی زانستی لاوان، (٢٠٠٢)، ژمارەی تایبەت.

١٧. بۆکانی، سابیر: میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بلاوکراوەی چوار چرا، سلیمانی، چاپی١، ٢٠١٦.

١٨. سادق، فوئاد تاهیر: هۆشیاری کۆمەڵایەتی، چاپخانەی تیشك، چاپی ١، سلیمانی، ٢٠٠٨.

١٩. عەبدوڵڵا، چنار سەعد: کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی١٩٩١، چاپی١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

سێیەم : سەرچاوە ئەنتەرنێتییەکان

٢٠. حنفي، حسن:التأريخ بين الوعي و الخطابية، على الموقع الالكتروني:

٢١. http://www.alarabiya.net/views/2010/04/10/105506.html

٢٢. حسن، بن حسن، الوعي التأريخي كقوة للتجاوز، مركز التنوع للدراسات، على الموقع الالكتروني:
http://www.tanaowa.com/?p=1095

٢٣. الشيخاوي، هيكل ، الحدث التأريخي و الحدث غير التأريخي، على الموقع الالكتروني:
http://encysco.blogspot.com/2013/11/1_26.html

## ABSTRACT

The lives of young adults have always been connected to a history which has witnessed a series of events and agreements. Even though they had not participated in all these affairs, some of the situations had an effect on the future of these individuals in the community. That's why it has always been important for human consciousness to recognize the historical events and situations it has gone through. For this reason, the researcher in this research aims to give significance and concentration on, "Undergraduate student's consciousness towards historical events, for example the Sykes-Pico agreement". Undergraduate students are the definition of the young adults of this community, who are the source of ability and power for the society; moreover, they are also the ones leading towards growth and development in the region. So, we took (228) of these undergraduate students to participate in this research. From what we concluded in the research, we realize that, in general, the students have consciousness towards the historical events, especially the Sykes-Pico agreement. However, this consciousness is not sufficient enough. As a result, this research has prepared some recommendation and suggestions to be considered.